# عەندەلیبـیـّك لە منـدا.... ئیعتیاد بە خۆكوشتن !!




**زمناكۆ بورهان قانع**

**مایسی / ٢٠٠٥**

zimnaco@hotmail.com


**بۆ هاوڕێكانی زانكۆم ... ( ئالان و هۆگر و نەوزاد ) كە هەریەكەیان بە جۆرێك خۆیان كوشت !!**

- ئالان ... خۆی فرێدایە ئاوی سەرچنارەوە و دوای دوو رۆژ تەرمەكەی دۆزرایەوە !!
- هۆگر ... لە نیوەڕۆیەكی گەرمدا و لە نێو ماڵێكی چۆڵدا چەند فیشەكێكی بە خۆیەوە نا و بەردەوام خوێنی لێدەچۆڕا !!
- نەوزاد ... لەسەر تاشەبەردێك لە نزیك دەریاچەی دوكان رومانەیەكی خستە دەمیەوەو كەللە سەری پارچە پارچە بوو !!

........................................................................

- عـــەجەب !! دونیا دووبارە بوونەوەیەکی بێهوودەیە !!

" داریوش " / لە گۆرانیەکدا

- نەخۆشییەك .. شێتایەتییەکی تایبەت لە مندا پێکهاتبوو
کە بەرەو لای میغناتیسی مەرگ دەکێشرام !!

" سادقی هیدایەت " / زیندە بەگۆڕ

**دەقی شیعرەکە :**

بخوێنە ئەی عەندەلیب
ئەی شالوری پڕحوزنی من
بخوێنە ..
ئەی وەهمی من
ئەی زەخرەفەی پڕ ئیعتیاد
ئەی پەپوو سلێمانەی بەد فەڕ
ئەی تاعونی قریشکەی من
تۆ بە دیار جومجومەی چ خورافەتێکەوە
چاوەڕێ ی تەفسیری من دەکەی ؟؟
بە دیار حیکمەتی بێ مەعنای چ مەعبەدێکەوە
بە پێکەنینێکی ووشکەوە
لە تارمایی تابوتی من دەڕوانیت ؟؟

به دیار تەرجومەی چ جوملەیەكی پڕ لە یەئسی منەوە
لە قاموسی بێ فاریزەی خۆت دەڕوانیت ؟؟
ئەی قەدیسی زەمهەریری ئەم مەحشەرە
ئەی واعیزێكی ترسنۆك
ئەی كلیلسازی بێ لوتف
★ ★ ★

ئەی عەندەلیب
تۆ بخوێنە و
وەك ئیسفەنجێك
وەرە مەرەكەبی نائومێدی من هەڵمژە
تۆ بخوێنە و
وەك كۆكایین
بمخەرە سەر كەناری زەوق و
بە دوورم بگرە لە حیشمەت
یان گەر توانیت
بە موعجیزەیەكەوە
بمنێرەوە بۆ مەلەكوتێكی ساكین
خاڵی لە ڕەونەقی ئینسان
خاڵی لە تەهلیلە و زیكر
خاڵی لە زەرنیخی میهر
★ ★ ★

ئەی عەندەلیب

تۆ بخوێنە

بخوێنە بە دەنگێکی نزم

رێك وەك ئەو لافیتەیەی

که باس له مەرگی من دەکات و

هیچ کەسێك نایخوێنێتەوە

بە چەشنی خورەی ئاو لە گوێ چەمێکدا بخوێنە

ئەی عەندەلیب ..

تا هەناسەم پڕ بێت لە قاسپەی ئەو کەوەی

بە دەست ڕاوچییەکی سەرسەرییەوە زەلالەتیەتی

تۆ ؟؟ عەندەلیب ؟؟

سەر بە نوتفەی پەڕەسێلکەیەکی سەرخۆشیت ؟؟

یان پەپوو سلێمانەیەکی موعتاد ؟؟

تۆ سەر بە نەسلی ڕیشۆڵەیەکی ڕەشپۆشیت ؟؟

یان نەسەبی قەلەڕەشێکی مودمین ؟؟

تۆ کامیانیت ؟؟ ئەی عەندەلیب ؟؟

هەرکامیانیت

ئەگەر هەتە ... بەربەلەمێك توتن و دەفتەرێك پەڕە سیگارم بدەرێ

ئەگەر هەتە ... کیسەیەك لە بارووتو عەلاگەیەك لە فیشەکم بۆبنێرە

بێهودەیە ... ئەم چاوەڕوانی کردنە لە تۆ

کە نایەیت

بێهودەیە ... گوێگرتن لە دەنگی تۆ

کە ناخوێنیت

**بێهودەیە ... تەماشای باڵەکانت**

**کە نافڕیت**

**تۆ ؟؟ عەندەلیب ؟؟**

**موعتادم مەکە بە تێکشکان لەم جەهەنەمە سورەدا**

**کە خۆشنودی حەرامە لێ ی**

**بێهۆشم مەکە بە ئەفیون**

**لەم دۆزەخە ڕەشەدا**

**کە پێکەنین غائیبە تیای**

**ژەهر مەپرژێنە بەسەر پلیکانەی عەوداڵی من**

**مەیڕوخێنە بورجێکی من ... ئەی عەندەلیب**

**تۆ بخوێنە**

**تۆ بخوێنە ... ئەی جومجومەی پڕ خورافەت**

**ئەی وەهمی من**

**ئەی زەخرەفەی پڕ ئیعتیاد**

**ئەی تاعونی قریشکەی من**

**ئەی شالوری پڕ حوزنی من**

**تۆ بخوێنە ... ئەی عەندەلیب**

**تۆ بخوێنە ...**